نەخشەی کیمیابارانی هەڵەبجەی شەهید



کلیلی نەخشە

١- مزگەوتی گەورەی هەڵەبجە
٢- مزگەوتی ئوسامە
٣- مزگەوتی بیلال
٤- مزگەوتی مصعەب بن عمیر
٥- مزگەوتی عومەری کوری خەتاب
٦- مزگەوتی دار الإحسان
٧- مزگەوتی ئیمامی عەلی
٨- مزگەوتی پاشا
٩- مزگەوتی شافیعی
١٠- مزگەوتی جمهوری
١١- مزگەوتی تەکیە
١٢- مزگەوتی شەهیدان
١٣- مزگەوتی ئیمام مالك
١٤- پارکی هەڵەبجە
١٥- پارك - باخی میر
١٦- پارك - باخی گشتی
١٧- پارکی منداڵان
١٨- پارکی پەرلەمان
١٩- گۆڕستانی شێخ ئیسماعیل
٢٠- گۆڕستان - مەزاری شەهیدان
٢١- گۆڕستانی گوڵانی خوارو
٢٢- گۆڕستانی گوڵانی سەرو
٢٣- ئامادەیی هەڵەبجەی کچان
٢٤- خوێندنگەی ئازاد هەورامی
٢٥- خوێندنگەی شنرۆ
٢٦- خوێندنگەی ئەحمەد موختار جاف
٢٧- خوێندنگەی هەڵەبجە
٢٨- ئامادەیی پیشەسازی هەڵەبجە
٢٩- خوێندنگەی مەرزە بۆتۆ
٣٠- خوێندنگەی گۆران
٣١- نەخۆشخانەی چاو
٣٢- نەخۆشخانەی کۆکۆیی
٣٣- نەخۆشخانەی سەید جەمیل
٣٤- نەخۆشخانەی عەنەب
٣٥- نەخۆشخانەی شەهید فاتح
٣٦- بازاڕی شنرۆ
٣٧- حەمامی موختار
٣٨- مەحکەمە
٣٩- ب. پۆلیس
٤٠- بانك
٤١- ئاسایش
٤٢- ماڵی کەریم بەگ
٤٣- ب. کاردبای هەڵەبجە
٤٤- یاریگای شنرۆ
٤٥- پەیمانگای مامۆستایان
٤٦- باخچەی ساوایان
٤٧- یاریگا
٤٨- یاریگا
٤٩- یاریگا
٥٠- بنکەی ئاگر کوژێنەوە
٥١- یاریگا
٥٢- یاریگای ئەشکەوڵ
٥٣- کازیوە
٥٤- خانەی نەوجەوانان
٥٥- بنکەی ئاگر کوژێنەوەی(٢)
٥٦- کتێبخانەی گشتی
٥٧- هۆڵی بۆنەکان
٥٨- بەڕێوبەرایەتی پەروەردە
٥٩- هەڵەبجە پاڵاس
٦٠- بنکەی پۆلیس
٦١- هۆڵی ڕۆشنبیری
٦٢- تێرمینالی هەڵەبجە
٦٣- وێسگەی کارەبا
٦٤- بەنزینخانەی سان
٦٥- ب. خانەنشینی
٦٦- یاریگای گشتی
٦٧- پەیمانگای هەڵەبجە
٦٨- چێشتخانەی هەڵەبجە
٦٩- قەیسەری هەڵەبجە
٧٠- قەیسەری باڵامبۆ
٧١- چێشتخانەی ئیمام
٧٢- ماڵی حاجی عەلی شین
٧٣- ب. پۆستەو گەیاندن

کورتەیەك لە مێژوی شاری هەڵەبجە

- شارێکی ئێجگار کۆنەو دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی لۆلۆبیەکان ، پێدەچێت شاری (خار خار - کادا خار) کە لە هەزارەی دووەمی پێش زایینداا بوونی هەبووە هەڵەبجەی ئێستا بوبێت.
- لە ساڵی (٦٤١ز) یدا سوپای مسوڵمانەکان هاتونەتە ئەم ناوچەیەو ساسانییەکانیان دورخستۆتەوە، ناوچەکەش بووەتە بەشێك لە دەوڵەتی ئیسلامی.
- لەسەردەمی عەباسییەکاندا و لە نێوان ساڵانی (٩٠٥– ١٠١٥) ز دا میرنشینی حەسنەوی کە میرنشینێکی کوردیە لەم ناوچەیە حوکمی کردووە، دواتر میرنشینی عەنازی لە (١٠١٦ – ١١١٧) حوکمی کردووە.
- لە ساڵی (١٦٥٠ز) لە لایەن بەگزادەکانی جافەوە هەڵەبجە ئاوەدان کراوەتەوە لە نزیك مزگەوتی تەکیەی ئێستا.
- لە ساڵی (١٦٩٨) مزگەوتی گەورەی هەڵەبجە (مزگەوتی جامیعە) لەلایەن بنەماڵەی شێخ عبدالله ی خەرپانییەوە دروستکرا.
- بەرلەوەی ببێتە قەزا لەڕوی ئیداریەوە سەر بە ناحیەی گوڵعەمبەر (خورماڵ) بووە.
- لە ساڵی (١٨٨٩ز) لە سەردەمی عوسمانییەکاندا بووەتە قەزا، و عوسمان پاشای جاف بووەتە یەکەم قایمقامی هەڵەبجە، ئەمەش هاوکات بووە لە گەڵ بە قەزا بوونی شاری (نەجەف).
- لەساڵی (١٩١٩) یەکەم قوتابخانەی تیا دروستکراوە .
- لە ساڵی (١٩٢٠) بەپێی سەرژمێری بەریتانیا ژمارەی دانیشتوانەکەی (٦٥٠٩) کەس بووە، هەریەك لە شارەکانی (خورماڵ، پێنجوێن، وارماوا، دەربەندیخان) سەر بە هەڵەبجە بوون.
- لە ساڵانی بیستەکاندا خەڵکی هەڵەبجە ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لە هاوکاری کردنی شۆڕشەکانی (شێخ محمودی حەفید) دا، هەریۆیە فەرماندەی سەریازی بەریتانیا (ئەدمۆنز) لە کاتی هێرشەکانی بۆ سەرهەڵەبجە بە سێ فڕۆکە ئینجا توانی ئەم شارە داگیر بکات ، ئەمەش لە بەر بەرگری خەڵکەکەی، دواتر شەڕی گەورەی (ئەشکەوڵ) لە چیای شنرۆ ڕویدا.
- هەڵەبجە خاوەنی چەندین شاعیری گەورەی کوردە لە وانە (مەولەوی، عبدالله گۆران، ئەحمەد موختار جاف، تاهیر بەگی جاف، قانع.....چەندانی دی)
- لە ساڵی (١٩٢٤) یەکەم ئۆتۆمبێل هاتە هەڵەبجەوە.
- لەهەمان ساڵدا تەلەگراف تیا دانرا.
- لەساڵی (١٩٢٩) یەکەم خەستەخانەی تیا دروستکرا و لەهەمانساڵدا پرۆژەی ئاوی هەڵەبجە دانرا.
- لە ساڵی (١٩٣٠) بینای سەرای تیا دامەزرا.
- لەهەمان ساڵدا بەنزینخانەی تیاکرایەوە.
- لە ساڵی (١٩٣١) میوانخانە و گەراجی ئۆتۆمبێلی تیا کرایەوە.
- لەساڵی (١٩٣٣) یەکەم قوتابخانەی کچانی تیا دروستکرا.
- لەساڵی (١٩٣٦) یەکەم مۆلیدەی کارەبای تیا دامەزرا.
- لە ساڵی (١٩٣٩) یەکەم شانۆ لە هەڵەبجە نمایش کرا، و ئەکتەرە دیارەکانی (ئەحمەد جوتیار و ساڵحی مەلا ئەحمەد) بوون و مامۆستایەکی فەلەستینی دەرهێنەری بوو.
- لە ساڵانی سی یەکاندا ژمارەی خانووەکانی نزیکەی (٤٧٠– ٥٠٠) خانوو دەبوو، پێکهاتبوو لە سێ گەڕەك ئەوانیش بریتیبوون لە لە (پاشا، پیرمحمد، سەرا)
- لەساڵی (١٩٤٥) یەکەم قوتابخانەی ناوەندی تیا دروستکرا.
- لە هەمان ساڵدا باخی گشتی لە هەڵەبجە دروستکرا.
- لەساڵی (١٩٥٢) خەڵکی هەڵەبجە لە دژی ڕژێمی پاشایەتی ئەو کاتەی عێراق ڕاپەڕینیان ئەنجامداوە بەسەرپەرشتی کەسایەتییەکی ناوداری هەڵەبجە (ئەحمەدی حاجی رەحیم).
- لە ساڵی (١٩٥٤) یەکەم بینای پشکنینی توتنی تیا دروست کراو لە چەند نهۆمێك پێکهاتووە.
- لەساڵی (١٩٥٦) شانۆی (بازرگانی فینیسیا، مەم و زین) نمایش کرا لە دەرهێنانی (ع.ع. شەونم و ئەحمەد حمە ڕەشید ئەفەندی).
- لەهەمان ساڵدا بەشی ناوخۆیی تیا دروستکرا بۆ خوێندکارانی دەرەوەی شار.
- لە ساڵی (١٩٥٨) سێ تیپی شانۆ لە هەڵبجە هەبوون کە بریتی بوون لە (تیپی شانۆی شنرۆ، تیپی شانۆی گەنجان، تیپی شانۆی لاوانی دیموکرات)، سەرەڕای بایەخدانێکی گەورە بە شیعر و مۆسیقا.
- لە پەنجاکاندا کارگەی ساردی (خواردنەوەی گازی) تیا دروست کراو بەرهەمەکانی دەنێرایە سلێمانی و شارەکانی تر.
- لە شۆڕشی ئەیلولدا خەڵکی هەڵەبجەو کەسایەتیە دیارەکانی ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە.
- لە(٩/١١ / ١٩٧٠) بانکی رافیدەین لە هەڵەبجە کرایەوە.
- لە ڕۆژی (٤/٢٦ / ١٩٧٤) ڕژێمی ئەوکاتەی عێراق بە فڕۆکە و موشەکی ناپاڵم بۆمبارانی شاری هەڵەبجەی کرد و لە ئەنجامدا نزیکەی (١٠٠) کەس شەهید و بریندار بوون، سەرەڕای وێرانبوونی چەندین خانوو، وە ئاوارەبوونی خەڵکەکەی.
- لە شۆڕشی نوێدا خەڵکی هەڵەبجە ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە، یەکەم شەهیدی شۆڕشی نوێ کەسایەتییەکی هەڵبجە بوو بەناوی (شەهید فاتح)
- لە ڕشۆژی (٥/١٣ / ١٩٨٧) خەڵکی هەڵەبجە لە دژی ڕژێمی بەعس ڕاپەڕینیان ئەنجامدا، لەبەرامبەردا ڕژێمی بەعس بۆ کپ کردنەوەی ڕاپەڕینەکە هەستا بە بۆمبارانکردنی هەڵەبجە بە فڕۆکە و بووە هۆی شەهید بوونی (٥٠) کەس و گرتن و زیندە بەچاڵکردنی (٧٢) کەسی دی و خاپور کردنی گەڕەکی (کانی عاشقان) بە بەکارهێنانی تی ئێن تی TNT..
- لە (٣/١٦ / ١٩٨٨) دوای ڕاپەڕینی خەڵك و ڕزگار کردنی هەڵەبجە لە ڕژێمی بەعس، ڕژێمی سەددام بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی نزیکەی (٥٠٠٠) بێتاوانی لە هەڵەبجە شەهید کرد.

کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی هەڵەبجەی شەهید



سوپاس بۆ هاوکاری

١- کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە
٢- سەرۆکایەتی شارەوانی هەڵەبجە
٣- قایمقامیەتی قەزای هەڵەبجە
٤- ب. ئاماری هەڵەبجەی شەهید
٥- ب. ئاماری سلێمانی/ سەنتەری تەکنەلۆجیای زانیاری/ بەشی GIS

چاپی یەکەم - بەهاری ٢٠١١
مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ پەیمانگای ڤیوگروپ

پەیامێك

- ئەم پرۆژەیە بەردەوام دەبێت و بریتیە لە بە نەخشەکردنی داتاکانی کیمیابارانی هەڵەبجەو بە (GIS) کردنی ئەم کارەساتە.
- ئەم پرۆژەیە دەبوایە لە (20) ساڵی ڕابردوودا بکرایە، کەنەکراوە دیارە زۆر داتا و زانیاری دیارنەماون یان لە یادچونەتەوە.
- تکامان وایە هەر کەم و کوڕی و هەڵەیەك دەبینیت پێمان ڕابگەیەنن بۆ ئەوەی لە چاپەکانی داهاتوودا چاکسازی تێدا بکەین.
- بەم نەخشەیە بۆمان دەردەکەوێت بۆمبە کیمیاییەکان بەر کام شوێن کەوتوون و لەکام زێرزەمینیشدا خەڵکی بێتاوان شەهید بوون.
- ئێمە لە ماوەی (9) مانگی ڕابردودا تەنها ئەوەندە داتا ی ئەو کارەساتەمان چنگ کەوت، بەڵام دڵنیاین داتاو زانیاری زۆر ماوە کە بە هەوڵی هەموو لایەك دەتوانین کۆی بکەینەوە.
- ئەم پرۆژەیە بەرهەمی کار و ماندوبوونی کۆمەڵێك لە ئەندازیارانی (پەیمانگای ڤیوگروپ)ە لە ماوەی (9) مانگی ڕابردوودا، کە بەخۆبەخشی و بێ بەرامبەر پێشکەشیان کردووە بە گیانی پاکی شەهیدانی هەڵەبجە.

ئامادەکردنی پەیمانگای ڤیوگروپ بۆ ڕاهێنان و توێژینەوەی ئەندازیاری

بەڕێوەبەری نەخشە: ئەندازیار عادل لەتیف مەولەوی
سەرپەرشتیارانی کاری GIS: (نەبەز غەریب محمد، نیان حمەعلی)
ئەندازیارانی کاری GIS : بەشی GIS لە پەیمانگای ڤیوگروپی ئەندازیاری.
کاری هەڵگرتنەوەو GPS : بەشی ڕوپێوی لە پەیمانگای ڤیوگروپ ی ئەندازیاری
چاپ و کاری گرافیك: ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا
ئەرکی ئامادەکردن: پەیمانگای ڤیو گروپ ی ئەندازیاری
ئەرکی چاپ: (عادل لەتیف مەولەوی ، نیان حەمە عەلی) لەئەستۆیان گرتووە.
شارەزای جێکەوتی بۆمبەکان: حیکمەت فایەق عارف

پەیمانگای ڤیوگروپ بۆ ڕاهێنان و توێژینەوەی ئەندازیاری

ناونیشانی پەیمانگا: سلێمانی- شەقامی بازنەیی مەلیك مەحمود تەنیشت ڕێستۆرانتی محسن - تەلاری مۆبیلیاتی مەلیك - نهۆمی دووەم.
07701561356 | 07701529840 | 07701542937
info@view-group.net | www.view-group.net